**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە : ٤٣٣ لە ٢٠٢٢/٣/١٠**

پشت بەست بە ماددەی حەڤدەم لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و برگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەم و ماددەی دەیەم لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠، نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٧٩٨) لە ٢٠٢٢/٢/٢ ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**رێنمایی تایبەت بە (چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان)**

**ماددەی (١):** پێناسەکان:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم رێنماییە:

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان-عێراق

٢- **دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

٣- **سەرۆک**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە .

٤- **لیژنەی چاودێری**: لیژنەی چاودێری و بەدواداچوون لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم .

٥- **چاودێری ژینگەیی**: کەسێک کە پسپۆری و دەرچووی بەشی ژینگە بێت و چاودێری جێبەجێکردنی مەرج و رێنماییە ژینگەییەکان بکات .

٦- **پیسبوونی ژینگە**: بریتییە لەهەر گۆڕانکارییەک کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار بکاتە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی ژینگە (ئاو، هەوا، خاک و زیندەوەران ) .

٧- **چالاکی**: هەر جۆرە چالاکییەکی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان کشتوکاڵی یان هەر چالاکییەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

ئامانج لەم رێنماییە ئەمانەی خوارەوەیە:-

١- پارێزگاری کردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی لە هەر جۆرە پیسبوونێک لە ئەنجامی چالاکی پرۆژەکان .

٢- پاراستنی سروشت و تەندروستی گشتی لە مەترسی چالاکییەکان و پرۆژەکان و پارێزگاری کردن لە دەرامەتی سروشتی و گەشەپێدان و دەست پێوەگرتنی .

٣- پەیڕەوکردنی سیاسەتی ژینگەیی لە پلانی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان لە هەموو چالاکییە مرۆییەکانی وەک پیشەسازی و خزمەتگوزاری و تەندروستی و کشتوکاڵی و چالاکی دیکە .

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

## بەیانی ساڵی ٢٠٢٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد :

رێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی٢٠٢٢ تایبەت بە(چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان) ماددەی (١) برگەی (٧) هەمواردەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

٧.چالاکی : هەرجۆرە چالاکیەکی پیشەسازیی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان هەر چالاکیەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە رۆژی بڵاوبونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالرحمن صدیق**

**سەرۆکی دەستە**